# پیاو لۆ خوای بڕێ

شوان غەمبار

**سابیر ساروخ**



برادەرەکم لەرێی شێخەڵای دیت، هانکەی لێوەدەهات، دور لەروتان بای یەک (کەری) بەس ئەشیای بار کردبوو، تەعین، ماست، تورشی، نەستەلە، چایە، شامپۆ، حەفازە، پەنیر، دۆی ناو دەبەی، بیبسی، چبسی پەنیری لەخۆی هەردابوو هێنکەی لەبەر برابوو، لێم پرسی ها؟ دەرێی بویە حەمبار، وازت لە وەزیفەکەت هێنایە؟ گۆتی: ئەرێ وەڵا خۆزگەم بە حەمباری! ئەوە وەزعە ئەمن تێدامە؟ بریا خۆم تووشی ژن هێنانی نەکردبا، ئاخر ئەوە وەزعە؟ لەکنەمە هەموو ئیشەک بویتە چاو لێکەری، ماشاڵڵا تەلەفزیۆنەکانمان ماریان ئاوابێ زۆربەیان جێی هەراج خانەیان گرتیتەوە، ریکلام لەدوای ریکلام لۆیی ئەوخەرکە تەلەفزیۆنیشیان لەبەر چاوی کەتیە، لە ٥ دەققە (٣٠) ریکلام داوێ مندارەکانی منیش چاویان بەچ بکەوی داوای دەکەن! ژنەکەشم لەجیاتی دەو کوتیان بکا، پەمپیان دەدا، ئەگەر لۆیان نەکرم، تۆز بەری عاسمانێ دەگری! دوعاو لۆبکە بمرم لەکۆر مندارەکانی خۆم و ژنەکەی خۆم و ریکلامە بێ مەعنایەکانی تەلەفزیۆنەکان بیمەوە!

پاشماوەی خەبەر عاجیل

بۆ بەدواداچون و تەئکید بوون لەو جموجوڵە سیاسییەی لە بەغدای پایتەخت بەڕێوە دەچێ، تیمێکمان بە هەڵەداوان گەیشتینە ئەوێ و گوێبیستی ئەم بەڵێنانە بووین: گەلی عێراقی بەشەرەف ئاگادار دەکەین بە زوترین کات شەکری بایعییان بۆ زیاد دەکەین و لەوانەشە زیادی نەکەین، هەروەها ئیحتیماله ئوسامە نوجێفی لە پۆستەکەی دور بخەینەوەو ئیحتیماله دوریشی نەخەینەوە، ئەگەر ئافرەتانی عێراق داوای پۆستە باڵاکانمان لێبکەن ئەوا ئێمەش دەیاندەینێ، وە بە دوریشی مەزانن کە نەیاندەینێ!!



## سۆران کوردپوور

**لە (ئەڵمانیا)وە تایبەت بۆ گەپ دەینێرێ**



## نوکتەی سەفەری

* پۆلیسێک بەنکراوێکی دەبرد بۆ بەندیخانە، لەرێگادا بەند کراوەکە بە پۆلیسەکەی وت: دوو خولەک مەجلل٠م بدەرێ دەچم پاکەتێک دەکڕم و دێمەوە،پۆلیسەکەش وتی: باشە بەڵام رانەکەی ها،بەندکراوەکە رۆیشت و رایکرد، پاش کەمێک پۆلیسەکە بەندکراوەکەی دەستگیر کردەوە،دیسان بەندکراوەکە وتی: مەجالم بدەرێ دەجم نانی دەخۆم زوو دێمەوە،پۆلیسەکەش خۆی پێ زیرەک بوو وتی: دەتەوێ دیسان ڕابکەی،بە بەندکراوەکەی وت: تۆ لێرە بوەستە من دەچم خواردنت بۆ دەکڕم و دێمەوە.




## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

## ئا: ئوستاز رفعەت




**دووربێ لە رووتان بە پانی**

١- دیاردەیەکی دزێوە، لە خۆشیدا بە چەک دەیبەین بەرێوە.

٢- (خوێ) لە هەولێر –پ-.

٣- لە پشیلەی دەکەین بیلامەعنا .

٤- ورچی عەرەب + بچێتە بەغداش بەو نابێ –پ- .

٥- ئەم هەموو شەڕی دنیایە لە پای چی؟ -پ- .

٦- گێژ - بۆ پیاو شانەیەک و بۆ ژنیش شارێکی تەواو دێنێ .

٧- وەزع و حاڵی ئەم خەڵکە رەش و رووتە چۆنە؟ .

٨- زۆر لە یەک دەچن.

٩- عەقڵ شوشتنەوە و لە خشتە بردن.

**بیلامانێ بە درێژی**

١- چرو چاو – بۆ خوا ئەم کارە دەکاو، دووعاش بە پارە دەکا .

٢- (رێوە) بەسەرو گوێلاکی یەکەوە .

٣- هەر بیخۆ و شمشاڵ لێدە.

٤- (شانە)و بەس – پ- - لە (گولێک)دا پەیدای بکە .

٥- بە سەری فەقیری قوڕبەسەر.

٦- بیلامەعنا (ببەخشە).

٧- لە (دڕاندن) دا بۆ خۆت بیدۆزەرەوە.

٨- هیچ عەقڵی نەماوە – گشتمان –پ-.

٩- لە (خۆخی گەنیو)دا تاقیبی بکە – هەر عەینەن (ئافرەتە).




حلی ژمارەی پێشوو

بۆ ( سەمیرە ئەحمەد مەولود) دەرچوو



کەژاڵ ئیسماعیل

# هەستریا !؟

## لە (هۆڵەندا) وە تایبەت بۆ گەپ دەینووسێ

دوعا 35

ناهەقمان نییە تووشی (هەستریا)بین و ئەقڵمان تەبەخور بکا، ئەڵێن ئەو (هەسترایەش) بە شانسە، هەموو بەشەرێک ناگرێتەوە، جا نازانم ئەسبابەکانی توشبوون بە (هێستریا) و هەستریا هەر یەکن ؟ ماڵی ئەو ئۆمەتە ئاوەدانبێ، خۆ ئەمەنە خراپ بوون بەشەر نازانێ لەکوێوە لێزمەی سەرشێتییەکان بگرێت و هەرکەسیش فەلسەفەیەک لێئەدا، ئاخر ئەی هاوار کەنازانی بڵێیت ( هێستریا ) بۆ خۆت و ئێمەش توشی ئەو ئیحراجییە ئەکەی ؟

هێستریا لەسەر وەزنی مەلاریا، ئافاتێکی خەتەرەو وەک ئەنفلوەنزاکەش یەت و ئەڕوات، خوابکا هەر کاک بۆڵەبۆڵی نەگرتبێت، وا بەپرتاو خۆی کرد بەمەسەلەکەیا و هەناسەشی لەسەر سەدوهەشتا قەپاتە ....

بۆڵەبۆڵ: کچێ ئەو توڵ و تەفسیرەی بۆ چییە ؟ خۆمن ( باو ) نیم وا دژم ئەوەستی !؟

ئێ ئەگەر توشی ئەنواع پەتا و ئەنفلوەنزا و هێستریاش بم ناهەقم مەگرە، لەداخی دوفاقی بەعزێک ، کە وەک کڵاشی دۆمی هەڵئەگەڕێنەوە و هەر ڕۆژەی دەهۆڵێ ئەکوتن .

ورتەورت: من خەمی جگەرە حەیاتەکەمە، وابڕوات ئەبێ تەرکی بکەم، جانازانم گرانکردنی لە بەرژەوەندیمانە یان نا ؟ سومە ئەبێ بەدیل بۆ جگەرە کێشان چی بێت .. هوتافاتیش نازانم ئەگینا ئەبووم بە هوتاف کێش و ئەو هەموو زوخاوەشم نەئەکرد بە خوێنما، هەم سنگیش و هەم جێبیش موستەفید ئەبوون .

بۆڵەبۆڵ: بەدەردی برادەرەکەت فەرموویەتی : جەنابتان نەک هێستریا .. هەستریا خەتەرەکەتان توش بووە ، جا بەعزێ بەدەردی مەڕەکە ئەگەر بەعومراتی جارێک دووگی دەرکەوت چەپڵە بەقونانی ئەکەن و بەدەردی قەڵەم دزینەکەی سەرۆکی وولاتی چیک، ئەبێتە مەخسەرەی عالەم ، بزنەکەش ساڵ دوانزە مانگ بۆی عەیب نییە، فیلیش بکا بەگیرفانیا، ئەڵێن نۆش!

ورتەورت: ئێ کاکە مەسەلەکە ئەچێتەوە سەر هێستریاکەو کابراش خۆ کفری نەکرد توشی فۆبیای قەڵەم بوو، ئەی ئەو ڕەیسانەی خۆیان و حاشییەکانیان دەیان ساڵە قوتی میللەت ئەدزن و مێش میوانیان نییە، وەک قەزافی ناویان ئەچێتە لیستی قەبیحترین پیاوی جیهانەوە !!

بۆڵەبۆڵ: کچێ جا ئەوە چییە ؟ تۆ وەتەنی هەستێریاکان زۆرن، لە هەموویان خەتەرناکتر هێستریای (بوغرابونە)، ئاخر صەدامی گۆڕ بەگۆڕ نوقڵانەی بۆ هەرچی لێبدایە ئەبوو ببێت، ئێ کاکە ئەو نەیوت: ئەمەنە غرور مەبن، بەس خواردن بهاونە موجەمیدەو تەنەکەی خۆڵ، ئێستاش ئەو غرورییە وەک ئەنفلوەنزاکە زۆر بەخێرایی تەشەنە ئەکات، خوا ڕەحم بەئاقیبەتمان بکات و توشی فەقیرو هەژار نەبێت.

ورتەورت: جا لەو هێسترایە خراپتر (هێستریای خۆ هەڵخەڵەتاندنە، ئەمەیان شمولی دوو تەبەقە ئەکات، ئەوانەی وەک سۆنە تەڕنابن و هەرچییان پێ بڵێی لەکۆشیانا ناوەستێ ... تەبەقەیەکیش ئەیانەوێ ماسی بگرن و قولە پێیان تەڕنەبێت .

بۆڵەبۆڵ:خوا ئەکا ئەو فێیەی کارەبا ئەیگرێت ناگاتە محاویلەکان و شەقیان پێنابات، ئەوا هێستریای وەعدی درۆ با لەولا بوەستێ بە خۆڵبارینەکەش شکورین، کاشکی هەڵمات و بەردمان بەسەرا نەبارێت، ئەوا بە هێستریای نەگبەتی شکورین.

ورتەورت: دەمادام شکوری . دوعایەکی شوکرانەبژێر بکەو با هەموو بڵێین ئامین:

بۆڵەبۆڵ:( یاڕەبی خودایە بۆ خاتری سەبری ئەیوبت سەبرو قەرارمان بدەیتێ، تا بەرگەی ئەو هەموو هێسترایە بگرین)!



# یەکەی پێویستت نییە بۆ تەواوکردنی ئەم ژیانە ..!!



کەریم مودەریس
تایبەت بۆ گەپ دەینووسێ

شوکور ئەوەنەی ئێمە عەقڵمان پێی بشکێ، قلێ لەخێروبیرەکانی مۆبایل کە هەرچەن جار ئەو کچۆڵەیەی خۆی تیا مەڵاسداوە و هەر جارەی بەبەهانەیەک لەپڕ دەرئەکەوێ، یان یڕی پارەی تیا نەماوەو تێی کە، یان یڕی ئەوەی مەراقتە دەنگی ببیستی بێزی نایە وەڵامت باتۆ، یەکێ لەخێرەکانی ئەوەیە پەنێکی باشی تیایە بۆ ژیان .

موختەسەر، پەنەکەی ئەوەیە ئەگەر بتوانی عیبرەتی لێ وەرگری هەرکە ئەڵێ : یەکەی پێویستت نییە ئەم پەیوەندییە تەواو کەی، یان ئەڵێ پەیوەندییەکەت تا ( سی) چرکە بەردەوام ئەبێ و دوای ئەوەی فت ئەبێ، عەینەن و مەینەن ئەم ژیانە نامەردەیە کە لەپڕ ئەتدا بەعەرزا، یان نەخۆشی سەرت لی ئەشێوێنێ و سیپەلاکت سپی ئەکات و تەنها سی چرکە مەودات ئەدا، دکتور نییە بتوانێ فریات کەوێ، یان چرکەیەت بۆ بخاتە سەر خەرمانی ئەم ژیانە، نەخوازەڵا ئەم دکتۆرە عەزیزانەی هەولێر کە بەجوملە فەحس ئەکەن و بە دەرزەن پارە کۆ ئەکەنۆ عەیادەکانیشیان هەر بستی لەخوار زبڵخانەوەیە!

ئای لەو لەحەزە سامناک و قورس و ناخۆشەی کە تەمەن وەک وەحدەی کۆڕەک، ئەگاتە ئەخیری و عاقیبەت کەسێکت وەک یانەسیب بۆ دەرئەچێ و بەئەسپایی پێت ئەڵێ : یەکەی پێویستت نییە هەناسەیەکی دیکە بەی و ئای کە پەشیمانی یەخەت ئەگرێ بۆ کوللی قازمەیەک کە وەشاندووتەو خەڵکێکی بێ دەست و پێت خستۆتە ناوی. .

ئا لەو عانانەدا دێتە پێش چاووت کە هەناسەی ژیان عەینەن وەحدەی مۆبایلە، ئەمما نەک ئەم وەحدە پێنج دۆلاریانەی کە کەس نازانێ چۆن داخل ئەبێ و چۆن وەک نەسریەی هەندێ دائیرە کەس چاوی پێی ناکەوێ.!!

ئا لەو عانەدا یەکەی پێویست لەکوێ دێنی کە باڵانسەکەت تەنها سی چرکەی تیا ئەمێنێ و لەپڕ بەگوێتا ئەیچرپێنن، خۆ ئەمە ژیانەو داخلی کردنی یەکەی دیکە قبووڵ ناکات.

بەنی ئادەم کە بەقسە فەیلەسوفەو بۆ کاروکردەوەی قۆڕی هەم ئەسەفە و مەئسوفە، بۆچی ئەم وەحدەی مۆبایلە ناکا وەعیبرەت و کەمێ خەریکی خۆی بێ و واز لەم عالەموڵڵایە بێنێ نەبادا لەو عانانەدا باڵانسەکەی خەلاس بێ کە گەیشتۆتە قەراغی دانەیە لەو چاڵانەی بەتووڵ عومری خۆی بۆ خەڵکی لێیاوەو فلیمی خەڵکی پێ سووتاندووە!.

وەلێ بەعزێکیش هەن وەڵاهی کونەکەی نازانێ ئەگین پارەی ئەیا بەو کەسەی لەکۆڵ ئەم ژینە حیزەی کاتۆ، کام لەحزە لە ئەوجی نەشئەو لەزەت و پێکەنینایە فووێ بکا بەگوێچکەی و پێی بڵێ : وریابە یەکەی پێویستت نەما ئەم قاقایە هەڵڵەی، بمرە تا ئێمەش لەدەس ئاخ و ئۆفەکانت نەجاتمان بێ.




دواکاتێر